شا ژنێکی هونەرمەندی کورد ماڵ ئاوای لێ کردین .. نازەنین نوری عەزیز

هۆڵەندا

هێشتا زوو بوو خانمە هونەرمەندە شۆخ و شەنگ و دەنگ خۆشەکەی کوردستان مەرزیەی فەریقی، بۆماڵ ئاوایی کردنت لێ مان ومەرگ ڕێ ی نەدایت لەم بارودۆخە ناسکەی ئێستای کوردستان وئەوئایندە تەماویەی لەگەڵمان بوویتایە بەچڕینی سروود و گۆرانیەکانت.

بەڵێ بەڵی بۆڕیفراندۆم، ، ، ، ، ، ، بەڵێ بەڵێ بۆڕاپرسی
بەڵێ بەڵێ بۆئازادی، ، ، ، ، ، ، ، ، بۆسەربەخۆیی بۆڕزگاری
دەساکوردینەهەموویەکگرن، ، ، ، هەمووبەیەکدەنگ دەنگتان هەڵبڕن
بژی گەلی کوردبژی کوردستان، ، ، شەکاوەبێت ئاڵای کوردستان

کوڕانی دەست وپەنجەولەش لەخوێن هەڵکێشراوکچانی قژڕنراودایکانی خەم بەباری ڕۆژهەڵاتم، چاوەڕوان بوون لە مژدانە و سەرکەوتنی دەنگ وڕەنگیان بەگژ دوژمنانی کورد یان بۆ بهۆنینەوە بۆیان بچریکێنی و ڕاپەڕینی ئەم جارەشیان لەبار نەبرێ، باشوورەکەشم لەبێ دەنگێکی خەوێکی قورسدا هەنگاو بەسەر ئەو کاروانە خوێناویەدا دەنێ وبەڵێ، ، ، بەڵێ، ، ، کانی ڕیفراندۆم وسەربەخۆی لە ژێر لێوەوە دەڵێنەوە، بۆ لەم ناکاوە شوومەی کوردستانی ئاگرگرتووی چەواشەکاراندا بەجێت هێشتین بە م کۆچە ناوەختە ت، خۆ هێشتا پایز نەبوو، گەڵای سەوزی هونەرمەندانمان بەجارێ هەڵ وەرین وەک ڕۆڵەکانمان لەم لاولاولای ڕاپەڕینەکانی بندەستەکانی داگیرکەرانی کوردستان ولەنەغمەونۆتەی ئاوازومۆسیقاوگۆرانی کوردی ماڵ ئاوایتان لێ کردین، زویر مەبن لێمان هێشتا تەوق لەگەردن ودەستەکانمانە بڵێن کوردین، دەنا ئێوە کۆچتان نەدەکرد ئێمەوانە بووینایە. ئەوەخەمی ئێوەوەوتەواوی خەڵکی کوردستانە. بۆبوونی ئازادی وسەربەخۆی کوردستان، خەمی قورس وگرانی غەریبیت لەگەڵ خۆت بردبۆهاوڕیانی هونەرمەندانی ترمان کەئەوانیش شاد نەبووبون بەو سەربەخۆیە.

مەرزیە گیان، ئەم جارەیان لە کۆستی کوردستانەکەم وئاڵابێ نازو سەربەخۆیەکەی کێ سروودە کەی جاران بڵێتەوە بۆ میللەتێک ک تائێستا چارەنووسی لەتەم وخوما رو چەواشە دایە، دڵم بەوەخۆشەهێنانەوەی جەستەی پیرۆزت بۆمن وکوردستانە بریندارەکەت ڕاپرسی وڕیفراندۆمێکە بۆ سەربەخۆی کوردستان، زووکەوبارگەی تاراوگە و غەریبیت کۆکەرەوەو، وەرە وە لای جەستەی دڵی ئەو دایکە سک سووتاوەی کە هێشتا خێری لە خۆ نەدیوە و لە چاوەڕوانی و خوێن بەخشین و گیان فیداکاری لاواندایە بۆ ئازادی و سەربەخۆی بۆیە لەگەڵتا دەیڵێینەوە، ، ، ، ، ، ،
سڵاوی گەرمی دڵی پڕهومێدی مەت پێشکەش
پڵنگی هەردی وڵات ئەی هەقاڵی پێشمەرگە
سڵاو لە گیانی پاک و پیرۆزت، ڕۆحت شاد پەپوو لەباڵدارەکەی کوردستان،